# گفتوگۆیەکی نەرم و دۆستانە
# لەگەڵ هەندێک مامۆستای ئایینی

**عەبدولکەریم شێخانی**

یەکی نەورۆزی ٢٧٢١ی کوردی

ناوی کتێبی ئەلیکترۆنی: گفتوگۆیەکی نەرم و دۆستانە لەگەڵ هەندێک مامۆستای ئایینی

نووسینی: عەبدولکەریم شێخانی

تایپ: نووسەر

ساڵی ٢٠٢١ی زایینی

دیزاین: سۆران تاودەر

بڵاوکار: کوردیپێدیا

ئەم وتارەی ڕوناکبیری مەزن عەبدولکەریم شێخانی لە سێی نەورۆزی ٢٧٢١ی کوردی لە لاپەڕەی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی کردبۆوە، لەبەر بەپێزی و دەوڵەمەنـدی و گرنگیی بـابەتەکە بەپێویسـتمان زانی لەشـێوەی نامیلکەیەکی بچووک دیزاینی بـکەیـن و بـیـخەیـنە خـزمەت کـتـێـبـخـانەی ئەلـیـکـتـرۆنی کـوردیـیـەوە.. پـاش ئەوەی پەیـوەنـدیـم بە ڕێزدار هـاوڕێ باخەوان کرد و ڕەزامەندی نیشاندا کە ئەم وتارە لە پەیجەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە، دواتر پەیوەندی بە مامۆستا عەبدولکەریم شـێـخـانـی کـرد ئەویـش بەم چەنـد دێـڕە پشـتـگـیـریی هەوڵەکەمانی کرد:

"سـەبارەت بەو بایەخەی بە وتارەکەی منتان دا زۆر سـوپاستان دەکەم کە جارێکی دیکە لە پەیجی کوریـدپێـدیـا بڵاوی دەکەنەوە، ئەو پەیجەی لەلایەن بەڕێز هـاوڕێ بـاخەوانەوە بەڕێوە دەبرێ، لێرەوە دەسـتخۆشـییـان لێ دەکەم چونکە مەبەسـتتان سـوود گەیاندنە بەبێ ئەوەی بتانەوێ هیچ کەس بە نووسـین و قەڵەم بریـندار بکەن، ڕاسـتی شـتەکـان دەربخەن."

**سۆران تاودەر**

٤ی خاکەلێوە ٢٧٢١ی کوردی

٢٤ی ئادار ٢٠٢١ی زاینی

لەسەر لاپەڕەکانی فێسبووک چەندان مامۆستای بەڕێز بە گوتەی کەمێک زبر باسی ناڕەوایی جەژنی نەورۆزیان کردووە و هەندێکیان ڕایان وایە کە ئەو جەژنە جەژنی کافر و جوولەکە ومەجووسی و ئاینی دیکەی لەو بابەتەیە و دەڵێن موسڵمان تەنیا دوو جەژنیان هەیە، ڕەمەزان و قوربان . مەلایەکی دیکە کە توندڕەویی پێوە دیارە دەڵێ: (نەورۆز جەژنی یەهودی و فیرعەون و خاچپەرست و فارسەکانە، ئیسلام بە جەژنی دانەناوە). ڕاستە، ئەو دوو جەژنە جەژنی هەموو موسڵمانانی دنیان، بەڵام ئایا ناکرێ کەسانی موسڵمان هەرچەندە ئایینەکەیان یەک بێ، لەڕووی نەتەوەییەوە لێک جیابن؟ ناکرێ ئێمە لەگەڵ موسڵمانەتیی خۆمان کوردیش بین هەر وەک تورک و فارس و بەنگالی و پاکستانی و ئەندەنۆسی و

نـازانم چەنـدان میللەتی دیکەی موسـلْمـان؟ دوای ئەوە کوردبوونی ئێمە هیچ لە موسـلْمانەتیمان کەم دەکاتەوە یان لە موسلْمانەتی داماندەشۆرێ؟ خوای گەورە ئـێـمەی بە کـورد خەلـق کردووە هەر وەک مـیـللەتـانـی دیـکەشـی ئەفرانـدووە بە زمـان و دەسـتـووری جیـاوازەوە . ئەی ئەوە نییە **خوای پەروەردگـار لە سـوورەتـی (الـحـجـرات) دا دەفەرموێ:** ( ... یا أیها الناس إنا خلقناکم من ذکر و أنثی و جعلناکم شـعوبا و قبائل لتعارفوا إن أکرمکم عند الله أتقاکم ) صدق الله العظیم .

جارێ دەمەوێ لە سـەرەتادا شـتێک عەرزی ئەو مـامۆسـتایانە بکەم. مەلا برایم ناوێک شـیعرێکی جوانی بۆ نەورۆز گوتووە کە بە داخەوە نایدۆزمەوە و وەسـفـێـکـی جـوانـی نەورۆز دەکـات وبە نەورۆزنـامەی مەلا بـرایـم نـاوی دەرکـردووە، لە گـوتـارەکەی حەفـتەی پـێشـوومـدا پەنـجەم بـۆ

ڕاکێشـــاوە و دوو ســـێ کۆپلێم لەوانەی بیرم ماون بڵاوکردەوە و لێرە تەنیا یەکێکیان بڵاو دەکەمەوە .

ئینجا لە شوکرانەی زەفەر
سەیرانکەران با بچندە دەر
خورما و پەنیریان هاوکەمەر
لێنێن پڵاو و گۆشتی مەڕ

بەمە مەلا برایم پێمـان دەڵێ کە خەڵک لەڕۆژی نەورۆزدا کردوویانە بە خۆشـــی شــادی و چوونەتە ســـەیران و هیچ مەلایەکی دیکە لێیـان ڕاســـت نەبوونەتەوە پێیـان بڵێن ئەمە جەژنی کافرانە . ئەو مـامۆســـتایانە بەو بیرویۆچوونانەیان بیانەوێ یان نەیـانەوێ خزمەتی دوژمنانی میللەتی کورد دەکەن و دەکەونە نێو چـاڵی ڕەگەزپەرســـتـانەی ئەوان و دواجار خۆشـیان تامی تاڵ و تفتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی ڕەگەزپەرســـتـانە دەچێژن، ئەو نـاحەز و دوژمـنـانەی مـیللەتی کورد کە دەیـانەوێ هەموو

تایبەتاییەتییەکمان (خصـائص) بسڕنەوە و کەلێیان گیر دەبێ، دەڵێن ئێمە هەموو موســـڵمـانین و برای دینین و جیاوازی لە نێوانمادا نییە و کە دەستیشیان دەبێ هەر بەنـاوی ئیســـلامەوە ئەنفالمان دەکەن . هەر بۆیەشـــە کورد کە قورئـانی پیرۆز دەخوێنن کـاتێـک دەگەنە ســـورەتی ئەنفـال وەک گەڵای دار هەڵدەوەرێن .

لەناوەڕاستی چلەکان کە ئەم جەماوەری خەڵکە دەیانویست بە بۆنەی نەورۆز ئاهەنگ بگێڕن، دیسان هەنـدێـک مەلا ڕاســـت بوونەوە دەیـانگوت ئەمە جەژنـی کـافر و مەجوســـی ئـاگر پەرســـتـانە و دەیانویســـت خەڵکی موســـڵمان ســـارد کەنەوە لە ئـاهەنـگ گـێڕان بەو بۆنەیەوە .بەڵام خواســـتی جەمـاوەر ســـەرکەوت و ئەو مەلایانەش بە ناچاری کشـــانەوە و دەنگیـان نەمـا . لەســـەر ئەم مینبەرە عەرزی ئەو مـامۆســـتـایانە دەکەم و دەڵێم کە هیچ

کامێکتان با بڕوانامەی بەرزیشــتان هەبێ، ناگەن بە مەلا محمـدی جەلیزادەی کۆیی کە بە مەلای گەورە ناوی ناسـراوە و لەسـەر ئاسـتی هەموو کوردسـتان نـاو نـاوبـانگی دیـار بووە . هەروەها هیچ کامێکتان ناگەن بە ئاستی مەلا عبدالکریمی مدرس کە وتاربێژ وپێشـنوێژی مزگەوتی حەزرەتی شـێخ عبدالقادری گەیلانی بوو . ئەو دوو زاتە زانـا ئیسـلامییە پلە باڵایانە بە چاکە باسـی نەورۆز دەکەن و بە جەژنی نەتەوەیـی دەزانـن . ئیـدی لەوسـاوە لە هەموو شـارەکانی کوردسـتان ئاهەنگ بە بۆنەی جەژنی نەورۆز ساز دەکرێ و جەماوەری گەل بەشداری تێدا دەکەن و سەیرانی خۆشیان دەکەن .

مامۆسـتای بەڕێزینە، پێم ناڵێن چ گوناح و بێ دێنییەک لەوەدایە ئەگەر لەو ڕۆژەدا خەڵک ماڵ و منـداڵی خۆی ببـاتە ئەو دەشـتودەرە، کە خوای پەروەرگار و تاک و تەنیا بە جوانترین شێوە بە گوڵ

و گوڵزار ڕازانـدوویەتیەوە، بۆ ئەوەی لەو فەرشـــی سوندوسە خواییە لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆی چەند ساتێک بەخۆشی بەسەربەرن و خەمی ساڵێک لەویَ بدەنە بەر با و بحەســێنەوە و لەو دەشــتە ڕەنگینە خـواکـردە نـوێژی خۆیـان بکەن و لەخوای گەورە بپاڕێنەوە کە خێر و خۆشــییان بەســەردا بباریَنیَ چونکە ئەو خەڵکە موسـڵمانە لەوە دڵنیان تا زیاتر لە خوا بپـاڕێیتەوە، ئەو زیـاتر بە دەنگتەوە دێـت . ئەو سـاڵانەش کە حکوومەتە شـۆڤێنییەکان نەورۆزیان قەدەغە کردووە، خەڵکەکە بەشــێوەی جیـا جیـا نەورۆزی خۆیان هەر کردووە و چوونەتە دەشتودەر بۆ ســەیران . مـامۆســتـایـانی بەڕێز، ئـایین چەند خواپەرســتییە، ئەوەنـدەش ڕەوشـــت و ئـادگـار و خووی جوانە . دینـداری ئەگەر ڕەوشــتبـاشـــی و کردەوەی چـاکی لەگەڵ نەبوو، فێـڵ کردنە لە خوا و خـوای گەورەش فـێـڵـی لـیَ نـاکـریَ . ئەگەر ئەو

موســڵمانەی دەچێ لە مزگەوت بە جەماعەت نوێژ دەکـات، کە گەڕایەوە ســەر کـارەکەی فـێـڵـی لە موســڵمانان کرد، نوێژی بۆ خوا نەکردووە، بەڵکو بۆ چاوبەستەکێی هەژار و بێ دەرەتانانی کردووە . ئەو حـاجییەی ٢٥٠ دینـار لەنێو کەشـــیـدەکەی ســەری دەشـارێتەوە وسـوێندێ دەخواو دەڵێ بەو حەجەی تەوافم کردووە تەنیـا ٢٥٠ دینـاری تێدایە نوێژەکەی بۆ خەڵک خەڵەتاندن کردووە و دەیکات . ئەو خۆ بە موسڵمانزانەی پشتی زاڵم دەگرێ و هەڕمێن بە قسە باقوبریقەدارەکانی زۆرداران دەدات، هەموو شتێکە، بەڵام موسـڵمان نییە . موسڵمانەتی کردارو ڕەفتاری چــاکــی ڕۆژانەیە لەگەڵ ڕوو لەخــواکــردن . مامۆسـتایانی بەڕێز، خۆ داعشەکانیش هەر بەناوی خواو بە ألله أکبر خەڵکیـان ســەردەبڕی و چەنـدان مەلای کـورد چوونە پـاڵیـان و فەتوای کوشـــتنی پێشمەرگەیان دا و سەربڕینی ئەوانیان حەڵاڵ کرد .

بەڕێـزینـە، کـورد مـێـلـلـەتـێکی زۆر موســـڵمـان و خواپەرستە و سەدان ساڵە دەکوژرێ و سەردەبڕرێ و تەنانەت لە لایەن (عبدالله المؤمنانەوە) بە چەکی کیمیایی لێی دەدرێ و بەسـورەتی ئەنفالی قورئانی پیرۆز دەیـان هەزار منـداڵ و ژن و پیری لێ زینـدە بەچـاڵ دەکرێ، توخوا توخوا، کـامیـان گونـاح و بێ خـواییە، ئـاهەنـگ گێڕان بەبۆنەی جەژنی هـاتنی بەهار و سەرکەوتن بەسەر زوڵم و زۆریدا، یان زوڵم کردن بەناوی ئایینەوە؟ ئێســـتاش هەندێک لە ئێوە ئەردۆغان بە ئیمام و پێشـــەنگی ئیســـلام دەزانن لە کـاتێکـدا لە ئـانیشـــکیشـــی بەرەو ژوور دەســـتی بەخوێنی کورد ســـووره و دەڵێ بـاشـــترین کورد ئەوەیە کە مردووە . بۆ، بەڕێزینە کورد لە تورکیـا لەخـوا هەڵگەڕاوەتەوە و دژی ئـایـیـنـی ئیســـلام وەســـتاوە تا بەو درندایەتییە خوێنی حەڵاڵ بکرێ؟ چـۆن غـیـرەتـتـان نـاجـووڵـێ کـاتـێـک مەلایەکی

ڕەگەزپەرستی تورک دەڵێ : مار و دووپشک مەکوژن، کورد بکوژن با دیلیش بێ . بۆ، کورد لە تورکیای سوڵتان ئەردۆغان لە خوا هەڵگەڕاوەتەوە؟ بۆ هاوبەشی بۆ خوا پەیدا کردووە؟ تورکیای ئیسلامیی ئەردۆغانی هەزاران سۆزانیخانەی بە فەرمی کردۆتەوە وباجی ئەو کارەیان لێ وەردەگرێ و ڕەنگە هەندێک لە موسڵمانە ئەردۆغاندۆستەکان لەو پارە حەڵاڵەیان بدرێتێ و ئەوانیش بیخەنە تەنکەی باخەڵیان . توخوا ئەوە گوناحە کە خەڵکی لە چەند لاوە بریندار بایەکی باڵی خۆی بدات و خۆشی و شادییەک بخاتە دلێ منداڵەکانی یان ئەوانەی ڕێکخراوی قاعدەیان دامەزراند و بە چەندان شێوەی دڕندایەتیی مین چاندن لە ڕێگەوبان و شەقام کۆڵان و ئۆتۆموبیلی بۆمبڕێژکراوەوە سەدان هەزار خەڵکیان بە ژن و پیاو و منداڵەوە کوشت بە ملیۆن ژنیان بێوەژن کرد

که له برسان هەندێکیان شەرەفی خۆیان بۆ بژێویی منداڵەکانیان دەفرۆشـــن و لەوەش زیاتر منداڵیان هەتـیـو و دەربەدەری کـۆلانـان کـرد و لەبەر بـێ سـەرپەرشـتی تووشـی چەندان شێوەی لەڕێ لادان هـاتن . ئەوانەی بـاســم کردن کێ کردنی؟ کوردی قزڕبەســەری له خۆشـــی و مافی خوایی خۆی بێ بەش که به بۆنەی نەورۆز ئاهەنگ دەگێڕێ و دەچێ بۆ ســـەیران، یـان ئەوانەی جلەوی گەوجاندنی ئەو خەڵکه ڕەشـوڕووت و نەزانانەیان به دەسـتەوەیەو به ئارەزووی خۆیان به کوشتنیان دەدەن به بیانووی ئەوەی هەر کەســێـک خۆی بتەقێنێتەوە دەچێتە بەهەشـت و حەفتا حۆریی پێشکەش دەکرێ . باشه ئەی جەنـابـت که ئەوە دەزانیـت، بۆ ئەو خواردنه چەورە دەدەی به من و بۆچی بۆ خۆت نـایخۆێ . ئەی ( ایمن الظواهری) کەئێستا سەرۆکی ڕێکخراوی قاعیدەیە و پزیشـکە بۆ ئەو خەڵکە بە کوشـتن دەدا

و بۆ ناچێ لە میسر دانیشێ و چارەسەری هەزاران
نەخۆشــی بێ دەرەتان بکات؟ کامیان خێری زیاترە،
خەڵک بەکوشتندان یان خەڵک لە مردن ڕزگار کردن
. مامۆستای بەڕیز، من لە سایەی خواوە موسڵمانم
و ئیمـانم بەخواو پێغەمبەرهەیە و نوێژیش دەکەم
و چاکەو خراپە لێک جیا دەکەمەوە و وەکو هەندێک
کەس نیم کە وەکو ئەســپی عەڕەبـانە وان پـارچە
قایشـێک بە لاچاویانەوە کراوە و تەنیا پێش خۆیان
دەبینن و ئـاگـایـان لە ئەم لاو ئەو لای خۆیـان نییە .
بەڕێزینە، وەک ئەو دنیا پێویستی بە توێشووە، ئەم
دنیایەش پێویستی پێیەتی لەسنووری مرۆڤایەتی
مرۆڤدۆستی دەرنەچوون . ئەی نەتابیستووە دەڵێن
( مـاأحســن الـدین و الـدنیـا إذا إجتمعـا ) . یان ئەو
قسـەیەی کە دەیبەنەوە سـەر خەلیفە ( علی بن أبی
طالب ـــــــ کرم الله وجهه ) : ( إعمل لدنیاک کأنک
تعیش أبدا، وإعمــل لآخرتک کأنک تموت غدا ) .

دەڵێن جارێکیان بە بۆنەی جەژنی نەورۆز حەڵوایان بۆ ئیمامی عەلی بردووە وئە ویش پرسیویەتی ئەمە چییە؟ گوتوویانە ئەمە حەڵوایە بە بۆنەی نەورۆزەوەیە، ئینجا حەزرەتی عەلی کەلێی خواردووە فەرموویەتی: (نیرزونا کل یوم، نیرزونا کل یوم).

کورد لە هەموو دەور و زەمانێک نەورۆزی خۆی کردووە و لە دوژمنانی کورد بەولاوە کەسێکی دیکەی لێ ڕاست نەبۆتەوە ڕێگریی لێ بکات و بە کافر لەقەڵەمی بدات . لەم شیعرەی (البحتری) دەردەکەوێ کە لە زەمانی عەباسییەکان کورد ئاهەنگی بە بۆنەی جەژنی نەورۆز گێڕاوە .

ئەوەتا (البحتری) گەورە شاعیری سەردەمی عەباسی کە عەرەبیشە لە چامەیەکدا دەڵێ:

أتاک الربیع الطلق یختال ضاحکا
من الحسن حتی کاد أن یتکلما

و قد نبه النوروز فی غلس الدجی

أوائل ورد كان بالأمس نوما

بەهـاری ڕووخـۆش و گەش بە شـــانـازی بەخۆکردنەوە، بە پێکەنینەوە هـات، ئەوەندە جوان بوو هەر دەتگوت خەریکە بێتە قسە.

نەورۆزیـش لە تـاریـکیـی پێش بەری بەیـان پێشـــەنگی ئەو گوڵانەی بێدار کردەوە کە تا دوێنێ نووســتبوون، خزمینە ســەرم ئێشــاندن بمبوورن، بەخوای گەورەتان دەسپێرم یاخوا هەموو ڕۆژێکتان هەر جەژن و خۆشـــی و کامەڕانی بێت بە کردەوەو رەفتاری جوان و مرۆڤدۆســتی چونکە ئەمە یەکەم هەنگـاوی نزیـک بوونەوەیە لە خوای پەروەردگـاری ئـاگـاداری چـاکەو خراپەمـان . خواتـان لەگەل بە سەلامەتی و لەشساغی.